# دەق: منی ئەویتر و ئەویتری من

هەندرێن

ئافراندن لەگەڵ بەرجەستە بوونەوەی لە دەقدا، شوێنپێیەک لە زەینی خوێنەر بە جێدەهێڵێ. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو شوێنپێیەی دەق تاک ڕەهەند نەبێ، پێویستە دەنگە جودایەکان لە دەقدا بەشداری بکەن. لەبۆیە ئەمڕۆ لە ئەورووپادا لە بواری تیۆریی و هزرییەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا، گرنگییەکی فرە بە ئامادە بوونی دەنگە جودایەکان لە دەقدا دەدرێ، بە هەڕمێن بوونی ئەو تەرزە ڕەوتە لە جیهانی ئەدەبی و بگرە جیهانەکانی تری وەکی فەلسەفە و زانستیشدا، ڕەنگدانەوەی ئەو شەپۆڵگەلە هزری و فەلسەفییە هەمە ئاقارانەن، کە هەر لە شەستەکانەوە دەستیانێکردو و لە هەشتایەکانیشدا گەیشتنە چڵەپۆپە. هەڵبەتە ئەو ڕەوتە لە بەرەڕاییدا بەرتەکدانەوەیەکی هەمە لایەنی لە جەم ڕۆناکبیران درووستکرد، لێ لە دواجاردا  بوو بە زمانزاڵی پانتاییەکانی ئەفراندن. بەمجۆرە  پێشتر نووسەر و ڕەخنەگرە نوێباوەکان لە ڕوانگەی تاکە دەنگێکەوە لە دەقیان دەڕوانی، کەچی نووسەر و ڕەخنەگرە پاشنوێگەرەکان  لە ڕوانگەی فرە دەنگییەوە دەق دەپێون. بەمجۆرە لە جیهانی دەق و ڕەخنەی ئێستادا دەنگەکان وێکڕا لە پەیڤینێکی هاوئاهەنگدا ئامادە دەبن و بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی گەردوونی دەق دەکەن. هەر بۆیە دەستەواژەیەکی وەک ئینتەرتێکستوالیتێت (دەقئاوێزانی) واتای چڕکردنەوەیەکە بۆ ئەو ڕەوتە ئەدەبییەی ئەمڕۆ.

هەڵبەتە سەرهەڵدانی ئەو چەشنە ڕەوتە ئەدەبییە لە ڕۆژئاوادا، چێکردنێکی نوێ نییە، بەڵکوو ئەو ڕەوتە لە ئەزموونی  کولتووری گرێکی کۆنینەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە. وەک دەزانین، کە ئەفلاتۆن لە دەقە فەلسەفییەکانیدا، وێڕای ئامادەیی پرشنگی ئەدەبی، دیالۆگێکی هاوئاهەنگ، بەرهەم دەهێنێ، کە ئاخێوەرەکان لە دانووساندنێکی دۆستانەدا تێهزرینەکانیان لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕنەوە. بە پێچەوانەشەوە خوێندنەوە و گوێگرتنی یەک لایەنی، دەبێتە  جۆرێک لە ملکەچ بوون بۆ یەکێکی تر، یان ڕازیبوونە بە نایەکسانی. ئەم شێوازەش لەگەڵ دیدی ئیدیالیانەی  ئەفلاتۆن و سۆکرات بۆ فەلسەفە نە دەگونجا. هەر بۆیە سۆکرات ئازادانە پرسیار و بەرسڤدانەوەی لەگەڵ بەرانبەرەکەی دەگۆڕیەوە و بەمەش زەمینەی بۆ گەیشتن بە زانیارییە فەلسەفییەکان خۆشدەکرد و ڕووخساری ڕاستییەکانیشی ڕۆناک دەکردەوە. چونکە بە لای سۆکراتەوە، دەبێ مرۆڤ ئازاد بێ ئەوجا دەتوانێ ڕاستی ببینێ. لەبۆیە ئەفراندن بە گشتی کردەیەکی دەقئامێزییە.

کەواتە سەرشاری ئەو ئاراستەگەلە ڕەخنە ئەدەبیانەی کە ئەمڕۆ جەخت لەسەر فرە دەنگی دەکەنەوە، دیاردەیەک نییە کە لە ختو خۆڕایی لە دایک بوو بێ، بەڵکوو ئەوە جۆرە تێهەڵچوونەوەیەکە، بەڵام بە شێوازێکی نوێ، بۆ ئەو پشتینە ماریفییەی کە گرێکی

کۆنینه ئەفرێنەری بووه و رۆژئاوای ئەمرۆکەش خۆی به میراتگری دەزانێ. بەجۆره رۆژئاوا هەمیشه که تەنگانەیەک گەمارۆی دەدا، به ئاورێک له پشتینه گرێکییەکەی، وەک مار، کاژەکەی خۆی دەگۆڕێ، لێرەوه دەبینین که هرزڤانگەلێکی وەک ژیل دۆلوز، ژاک دێریدا، کریستیڤا و ئەوانیتر، شوێنپێیەکی بەرچاو له خەملینی ئەو رەوته ئەدەبییه دەدانێن. بەم چەشنه رەخنەگر و نووسەرانی دیکه، ئاراستەی ئەو رەوته ئەدەبییه وەدەگرن و برەوی پێدەدەن.

لێرەوه دەکرێ بپرسین: ئایا وێڕای ئەو مەیلەی که نووسەری کورد بۆ هەمه دەنگی دەق بانگەشەی بۆ دەکا، بەڵام بۆ دەقی کوردی هەتا ئێستاش به تاکه منێک دەدوێ که وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لایه؟ ئایا ئەو گەڕەلاژه و پاشاگەردانیەی که ئەمڕۆ پانتایی نووسینی کوردی تەنیووەتەوه، پەیوەندی بەو پێکهاته تاکمنەی نووسەری کوردەوه نییه؟ ئەو دەنگه تاکەی که له دەقی کوردیدا خۆی به خوا دەزانێ، له کوێرا خۆراک وەردەگرێ؟ ئایا ئەگەر ئەو دەقه داخراوەی کوردی بخوازی دەرگای بەشداری کردن بۆ منه جودایەکان ئازاد بکا، له کام سەرچاوه دەستەوایی بکا؟ ئەم پرسیارگەله مەبەستی بانگکردنی بەرسڤەکانی منگەله، نەک کەڵەگایەتی منێک.

لێ ئەو فره منەی که دەقی کوردی فەرامۆشی کردووه، له خودی بیرکردنەوەی دەقدا ئامادەیه. ئەوه دەقه که ئەو دەنگانه دەئافرێنێ. دەق به پێوادانگی خۆی داواوەتی ئەو دەنگانه دەکا، که رۆڵی خۆیان نمایش بکەن. دەق زمانێ منێک نییه که هەموو شتێک بزانێ. ئەوەی له دەقدا دەپەیڤێ خودی نووسەر نییه، بەڵکوو خودی خۆی و ئەوانیتریشه. بۆیه له دەقدا وشه دەبێته شوێنپێ واتایەک که هێشتا دیار نییه.

.7.226200
ستۆکهۆڵم